www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 15:30 8-7-2006

# وڵاتێکی بی کارەبا و.... گەلێکی بی ئومێد ... کاوە حسێن

Kawahussen@yahoo. com



بە بی ئەوەی هیچ تەعلیق و روون کردنەوەیەك لە سەر ئەم ناونیشانەی سەرەوە بدرێت خوێنەر تێدەگات مە بەست لەم وڵاتە قور پێوەدراوەی خۆمانە،چونکە هەرگیز لەو بروایەدا نیم و برواشناکەم کارەبای هیچ وڵاتێکی تر نیو بەقەد کارەبای خۆمان وێران بی، من زۆر پێم سەیرە پازدە ساڵە ئەم حکومەتە خۆماڵیەی خۆمان حکومداری ئەم هەرێمە دەکات کە چی ڕۆژێك لەڕۆژان نەمانبینی ئەم حکومەتەی خۆمان سوودێکی باش لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگرێت بۆ ئەوەی چیدی ئێمەش وەکو ئەو وڵاتە تانە تۆ زێك خۆش بژین بەلایەنی کەمەوە هیچ نەبی خواردنی نێو سەلاجەکانمان بۆ گەن نەکات و کوردی بە ستەزمانیش وەکو سەر جەم وڵاتانی تر ئەم یاری مۆندیالە ببینن چونکە هەواداری وەرزشی بەستەزمانی واهەیە سەنتێکی زۆر سەرف دەکات بۆ ئەوەی ئەنجامی یارییەکە لە خواپێداوێکی خاوەن مۆ لیدە وەربگری، من پێم وایە لەو ماوەی پازدە ساڵەدا هێندە وەزیرەکانی کارەبا گۆران خودی ئامێرەکانی کارەبا بگۆرابان ئێستا کارەبا یەکی لەوەی یابان خراپترمان نەدەبوو

سەرەرای ئەمەش ئەو هەموو پارانەوەی کە ڕۆژانە لە هاووڵاتی دەپارێنەوەبۆ ئەوەی داگیراسانی ئامێرە کارەبایەکانیا ن کەم بکەنەوە

نیو هێند لەو وڵاتە پێشکەوتووانە بپارانەوە کە وەزیرە بە ڕێزەکانمان چاویان پێیان دەکەوی زۆر دەمێك بوو کێشەی کارەبا بی ئاریشە دەمایەوە

بەڵام کێشەکە لەوەدایە نێو هۆڵەکانی ئەوان بەچلەی هاوینیش هێند فێنکە ئەگەر منیش لەو جێگەیەبم ڕەنگە بڵێم کارەبای ئێمە زۆر بی کێشەیە

لەم ڕوَژانەدا لە یەکێك لەکەناڵە رادێۆیە لۆکاڵیەکاندا لەماوەی بەرنامەیکی نیو کاتژمێریدا کاکی بێژەر هەشت دانە جاری ڕێك داوای لێبوردنیکرد بەهۆی بچرانی تەزووی کارەباوە، ئەدی ئەمەکارەسات نییە قەیرانی پچرانی تەزووی کارەبا حاڵەتێکی قەلەقی زۆر سەیری دروست کردووە لە نێو هەموو خەلکدا کاکە چۆن وانەبیَ سەرەتای ترین مافی خۆتە،

لەکاتی نووسینی ئەم بابەتەدا قسەی هاوڕێ یەکەم کەوتەوە یاد کە بەستە زمانە تازە گەڕاوەتەوە بۆ ئەم وڵاتە پڕ کارەساتە ئەو بۆی گێرامەوە ووتی: ئەو وڵاتەی منی لی دەژیم شەوێك بۆماوەی چەن چرکەیەك کارەباکوژایەوە بۆ سبەینی لایەنی بەرپرس هەڵسان بە سەرژمێری ئەو زیانانەی کە خەلکی ئەوشارە لییکەوتووە لەکاتی پچرانی تەزوویکارەبالەماوە ی ئەو چەن چرکەیدا بەمەبەستی قەرەبوو کردنەوەی هاووڵاتیان بۆیە منیش ئەو ەم بیر کەوتەوە تۆ بڵیی ئەم حکوومەتەی خۆمان چەنی قەرزاری مێلەت بی هەقە بۆ لەمەولا لە بری کۆ کردنەوەی پارەی کارەبا حکومەت هەڵسی بەدابە شکردنی پارەی قەرەبووی کارەبا بەسەر هاووڵاتیاندا

هەر بۆ زانیاری زیاتر نووسینی ئەم بابەتەداپێنج جار کارەبای لی کوژاوەتەوە